

چنار نامق

# لة نَيو تة نايیمدا برِويَ

ئەو ئەمامی زراڤی نێو بیرەوەریم
لەنێو تەنهاییمدا بروێ
بەڵكو تەرزی خۆزگەكانم
بەبەژنتدا بئاڵێنم و
تەرزی عیشقم
لە قامەتی شاتووی نامۆیی
بپسێنم
لە نێو خەیاڵمدا بروێ
ئەندێشەم تەژی دەبێ
بەو وێنە شیعرە جوانانەی
خۆیان دەكەن بەشادێر و
گوڵی سووری ئێوارەكانیان
ئەدەن لە بەرۆكی سپێدەیەكی خەواڵو...
لە نێو خەونەكانم بڕوێ
سەدەیەك بەكپی دەنووم و
هێشتا ترسی وەئاگا هاتنەوەم
لێدەنیشێ
لەتێڕوانینمدا خۆت بكە بەشەقام
با بەدرێژی ڕێگاكانتا گەشتێك سازكەم

بێکۆتایی ...
کەماسییەکان لە جەنگی شەپۆل ودەریا
وەڕەس دەبن
تاسەیەکیان بۆ مرواریيەکان نامێنێ و
دەخزێنە تۆری ماسی گرێکەو
لە چاوەروانیدا بێهودەیە
ئیدی لەم زیندانە گەورەیەی
ئەم ژیانە ئازادەدا
چ رێگایەك بگرمە بەر
کەناخم کۆیلەی عیشقە و بیرم ئایدا
لەگەڵ بالیای خەمەکانم
بەچ ریتمێك
پەپو لەکانی دەروونم بێنمە سەما ؟